**سـەرۆکایـەتی ئەنجـومـەنی وەزیـران**
**وەزارەتـی داد**
**بـەروار : ٢٠٠٢/٦/٢٣**

## بـەیـان ژمـارە ( ٤ )
## پێکهێنانی دادگای دووەمی تاوانی هەولێر

بۆ بەرژەوەندی گشتیو پاڵپشت بە مادده ٢٤/ دووەم لـە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری ژمـارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیارماندا :-

١) بە پێکهێنانی دادگای دووەمی تاوانی هەولێر لە ناوەندی شاری هـەولێردا بـۆ بینینـی داوای ئەو تاوانانەی لە سنووری پارێزگای هەولێردا روودەدەن و پەیوەستن بە :-

أ. تاوانی سیخوڕی بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دەرەکی.
ب. ئەو تاوانانەی لە یاسای مادده بێهۆشکەرەکاندا هاتوون.
ج. ئەو تاوانانەی راستەوخۆ زیان بە ئەمنی کۆمەڵگە دەگەیەنن.
د. ئەو تاوانانەی لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستاندا هاتوون.
هـ. هەر تاوانێکی دیکە کە وەزیری داد بۆی رەوانە بکات.

٢) ئـەو بڕیـارە پیـادە دەکرێـت لـە رۆژی بڵاوکردنەوەیـەوە لـە رۆژنامـەی (وەقـایعی کوردستان).

**هـادی علـی**
**وەزیـــری داد**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی داد**
**بـەروار : ٢٠٠٢/٧/١٣**

## بـەیـان ژمـارە ( ٥ )

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە (٢) لە مـاددەی حەوتـەم لـە یاسـای وەزارەتـی داد ژمـارە (١٢)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموارکراو پێمـان دراوە ، بڕیارمانـدا بـە کردنـەوەی (بەڕێوەبەرایـەتی ووردبینی) لە دیوانی وەزارەتی داد.

**هـادی علـی**
**وەزیـــری داد**

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com